سەماحەتی حەکیم گرنگی زیندووکردنەوەی ژی قودسی جیهانی دووپات دەکاتەوە

بەڵێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاویمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی دووپاتی کردەوە کە زیندوو کردنەوەی ڕۆژی قودسی جیهانی لە دوایین هێنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز گوزارشتێکی بەهێزە بە دەربڕینی ئینتیما بە خاکی فەلەستین، هەروەها ڕەتیکردەوە کە تەنازول لەم ڕووە بکرێت لەژێر هەر دەخێکدا، گوتیشی ئەمڕۆ هاوارێکی بەهێزە بەڕووی هەموو جۆرە کوشتن و تێك شکان و برسی کردن و تینوکردن دەزرنگێتەوە، جگە لە ڕەتکردنەوەی هەموو پرۆژە زایۆنییەکان کە قەوارەی زایۆنی دەرهەق خاك پیرۆزی فەلەستینییەکان دەیکات.

سەماحەتی حەکیم ئاماژەی بەوەشدا کە یادکردنەوەی ئەم بۆنە پیرۆزە تەنها بە ناڕەزایی دەربڕین نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ڕەتکردنەوەی گەلانی موسڵمان و جیهانی ئازادە لە هەموو کردارە ستەمکارەکانی ئیسرائیل و دووپاتکردنەوەی گرنگی قودس وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ناسنامەی ئیسلام و موسڵمانان.

سەماحەتی گوتیشی بەشداری کردنی کاریگەرر لە زیندووکردنەوەی ڕۆژی قودسی جیهانی شانازییەکی گەورەیە لەم پارچە پیرۆزە و بەرجەستە کردنی پابەندبوونی موسڵمانان و ئازادییە لە جیهان بە پاڵپشتی کردنی ئازادی لە جییهان بەهێی پشتگیری کردنی گەلی فەلەستینی لە تەکۆشانی بەردەوانی بە وەرگرتنەوەی مافە ڕەواکانی.